# کەرکووکێکم خەم لەدڵدایە ...

## ئەمجەد شاکەلی

دۆکتۆ شاکر خەسباک (شاكر خصباك) ، نووسەر و مامۆستای زانستگە و لێکۆڵەڤانی عەرەب، لەمەڕ جوگرافیای باشووریی کوردستانەوە، دەڵێت:"کوردستانی عیراق بریتییە لە چوار پارێزگە (لیوا) : پارێزگەکانی مووسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکووک، هەروەها بە نێو پارێزگەی دیالەشدا درێژەی هەیە و ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی دەگرێتەوە."[1]. دۆکتۆر خەسباک، لەمەڕ ڕێژەی دانیشتووانی کورد، لە ئوستانە کوردییەکانی باشووری کوردستاندا، کە زانیاری و ژمارەکانی لە"Edmunds، C، J، The Kurds of Iraq، Middle East Journal، vol 11، No 1، 1952، p 52"ەوە وەرگرتووە، بەم جۆرە دایاندەنێت: پارێزگەی سلێمانی: 100%، پارێزگەی هەولێر: 91%، پارێزگەی کەرکووک: 55،2%، پارێزگەی مووسڵ: 35%[2]. ساڵانی سەردەمانی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆمارییەکەی عەبدولکەریم قاسم، کوردستانیبوونی تەواوی خاک و سنوورە جوگرافییەکانی ئوستانەکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکووک و مووسل و باژێڕەکانی خانەقین و مەندەلی، هیچ کێشەیەکی لە سەر نەبوو و کەس تەنانەت ناکوردانیش، چ گومانێکیان لە کوردستانبوونی ئەو دەڤەرانە نەبوو و نەیاندەگوت، ئەوانە کوردستان نین و کەس بەخۆیشیدا نەیدەپەرموو، تەنانەت وەها بیرێکیش بە مێشکیدا بێت. پاش کوودێتای 1963ی بەعس، ئیدی ئەو پەرژینی ترسەی عەرەبە شکا و هەر، کە بۆیان لوا، دەستیان کرد بە گۆڕینی سیمای کەرکووک و مووسڵ و عەرەباندیانن. پاش ئەوەی مەرایيکاران و پارەپەرستان و ڕەدووکەوتووانی پووڵ و ناوبانگ و پایە و دەوڵەمەندبوون، کە لە هەمووده‌م و لە هەموو شوێنێک هەن، بە هەر شێوەیەک بێت، توانییان، پێش مۆرکردنی پێکهاتنی 11ی مارسی 1970ی نێوان سەرکردەیەتیی بارزانی و حوکوومەتی بەغدا، بارزانی بەوە قایل بکەن، کە پرسی کەرکووک، دوابخرێت، بۆ کاتێکی دیکە و دوای ئەنجامدانی ئامار و سەرژمێرییەکی گشتیی، پاشان قسەی لە سەر بکرێت و چارەنووسی دیاری بکرێت. حوکوومەتی بەعس، لەو ماوەی چوار ساڵەی پێکهاتنەکەدا، شاڵاوی کۆچپێکردنی کوردی کەرکووکی، دەست پێ کرد و عەرەباندنی کردە کارێکی یەکجار چالاک و ڕۆژانە و تەواوی دەنگ و ڕەنگ و سیمای، کەرکووک و تەواوی دەڤەری گەرمیانی، بەو جۆرەی بۆ خۆی ویستی، گۆڕیی. ساڵی 1972، ئیدی تەواوی نیاز و وردەکاری و ئەنجامەکانی سیاسەتی بەعس و ئەو گۆڕانانەی، کە بە سەر ئەو دەڤەرانەدا هاتن، بۆ بارزانی و بۆ هەموو کوردێکی دیکەی وڵاتپارێز و خودان هەڵوێستیش، وەک ڕۆژی نیوەڕۆ ئاشکرا بوو. لە دانیشتنێکیدا، لەگەڵ مورتەزا ئەلحەدیسی (مرتضى‌الحديثي) ی وەزیری دەرەوەی عیراقدا، کە لە ناوپردان دەبێتە میوانی مەلا مستەفای بارزانی، بارزانی ڕووی لێ دەکات و پێی دەڵێت:"گۆڕینی باژێڕی کەرکووک بە کردەوە ئەنجام درا. ئیدی هیچ پێویستییەک بۆ ئامار و سەرژمێرییش نییە، چونکە ئەنجامەکەیشی نیشانەیەکی زیادەی دیکەیە، لە سەر ئەوەی، کە

[1] خەسباک، دۆکتۆر شاکر، کورد و مەسەلەی کورد، ئەمجەد شاکەلی کردوویە بە کوردی، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوێد 1997، ل43.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

ئێمە خۆمان لە ڕاستی بوارد و دوورخستەوە"[3]. بارزانی، ئەوە هیچ کە نەدەبوو، گوێ بۆ دەستوپێوەندە مەراییکارەکانی دەوروبەری خۆی ڕادێرێت، دەبوو پێی لە سەر چارەسەرکردنی دەسبەجێی کێشەی کەرکووک داگرتایە و سووربووایە لە سەر، هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی هەموو پێکهاتنەکە، ئەگەر پێویستی کردبا. کە وای نەکردووە، من بۆ خۆم پێموایە، هەڵەی کردووە و ئیدی کارەکان بەو جۆرەی، کە دەبوو بچن، نەچوون و کێشەکە، هەر مایەوە. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، ئەوڕۆیش دوای 52 ساڵان، لەو نووسینەی سی. جەی. ئێدمۆندز (Edmunds، C، J) و دوای 45 ساڵان، لەو نووسینەی دۆکتۆر شاکر خەسباک و دوای سیودوو ساڵان، لەو قسەیەی بارزانی بە مورتەزا ئەلحەدیسی و دوای چلوئەوەندە ساڵ لە عەرەباندن، تازە بە تازە دێت و بە ئامار و سەرژمێریی کەرکووک، قایل دەبێت و کێشەکە بۆ چەندین ساڵی دیکەش، دوا دەخات. هەڵەی هەرە زەق و مەزنیی سەرانی کورد، پێش هەر شتێک، لەوەدایە، کە تا ئێستاش لەوە تێنەگەیشتوون و دەرک بەوە ناکەن و ناتوانن و ناوێرن، بە ئاشکرا بڵێن و هاوار کەن، کە کەرکووک، بە ئامار و بێ ئامار و بە عەرەبێنراوی و بە نەعەرەبێنراوی، بەشێکی جیانەکراوەیە لە کوردستان و هەروا بووە و هەروایش دەبێت. کەرکووک، ئەگەر یەک کوردیشی تێدا نەمێنێتەوە، وەک خاک، کوردستانە و هەرگیز نابێت، بە هیچ جۆرێک، هیچ جۆرە سازشێکی لە سەر بکرێت. کەرکووک هێندەی ئامەد و ئۆرفە و کرماشان و قامیشلوو و هەڵەبجە، کوردستانە. بەوە نییە، کە ئەوڕۆ کێ لە کەرکووک دەژی، بەڵکە هەرکەسانێکی تێدا بژین و هەر زمانێک قسان بکەن و ڕەنگی پێستیان هەرچۆنێک بێت، کوردستانیبوونی کەرکووک، نایەتە گۆڕان. شاری بەغدای پێتەختی عیراق، پتر لە یەک میلیۆن کورد و سەدان هەزار ئەرمەن و سریان و فارس و ئاشووری و جوو و ناعەرەبی تێدا دەژین، کەچی بۆ یەک چرکەیش عەرەبایەتیی شاری بەغدا، بەر گومان نەبووە و ناعەرەباتییشی نەخراوەتە بەر باس. ئیستەنبوولی تورکیا، پتر لە سێ میلیۆن کورد و دەیان نەتەوە و خەڵکی دیکەیشی تێدا دەژین، کەچی هەر باژێرێکی تورکە. تەواوی باژێرەکای خوارەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوسێی ئەمەریکای لاتین، لە لاتین ئەمەریکاییدا جممەیان دێت و تژین لێیان، تا ڕادەی ئەوەی لەو دەڤەرە، زمانی ئیسپانیۆلی، لە پێش زمانی ئینگلیزییەوە دێت، کەچی هیچ کەسێکیش ناڵێت، ئەو باژێرانە، مەکسیکایی یا ئەمەریکای لاتینین. میلیۆنان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەونە شاکانی ئێران، لە کوردستان، وەدەریان نان و لە خوراسان و ئەو ناوە نیشتەجێیان کردن، کێ هەیە بڵێت ئەو شارانەی ئێران، کوردن؟. دوڕگەیەکی فینلاندی هەیە، بە نێوی ئۆلاند (land ) ە، کە دەکەوێتە نێو زەریاچەی بەڵتیک ( Baltic Lake)، بە سوێدی "ئویستەرشوێن (stersjon )"، و تەواوی دانیشتووانی سوێدین و نیمچە سەربەخۆییەکیشیان هەیە (ئۆتۆنۆمی) و لە سوێدیشەوە نێزیکترە تا فینلاند، هەرگیز سوێد بە هی خۆی نەزانیوە و بە هی فینلاندی زانیوە و کەسیش گومانی لە فینلاندیبوونی نەبووە، چونکە وەک خاک هی فینلاندە. نموونەی لەم بابەتانە گەلێک زۆرن و سەرانی کورد، ئەگەر برێک وەدووی ئەو زانیاری و ڕاستییانەدا گەڕابان، دەیانتوانی هەندێک بوێرانەتر خۆ نیشان دەن. سەرانی کورد، بە تەتەڵەکردنی زمانیان و لاڵبوونیان لە گوتنی ڕاستییەکان و کوێراییان لە دیتنی ڕاستییەکان، بۆ خۆیان، تۆوی ئەو گومان و دوودڵی و نەوێرانەی، بە ئاشکرا باسکردنی کوردستانبوونی کەرکووک، دەچێنن. سەرانی کورد، بە سیاسەتە چەوتە ترسنۆکانە و نێرەمووکانەکانیان، بەرپرسن لە زیندووکردنەوە و زیندووڕاگرتنی تەوژمی نەتەوەیی عەرەبی-تورکمانی-کلدۆئاشووری، لە کوردستاندا، کە ئەوڕۆ هەر سێیان کلکیان لێک ئاڵاندووە و بۆ یەک مەبەست کار دەکەن، ئەویش دەرخستنی کەرکووکە لە کوردستان و ئەگەر

---

[3] فتح الله، جرجيس، زيارة إلى الماضي القريب، دار الشمس للطباعة والنشر، ستوكهولم، 1998،ص192. هەروەها بنۆڕە: جرجيس فتح الله، مدينة كركوك، تاريخيا-اثنوگرافيا-ومحاولةالتعريب، كركوك: بحوث الندوة العلمية حول كركوك 2-5 نيسان 2001 اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر، ص47.

دەستیشیان بڕوات دەیان ئەنفال و هەڵەبجەی دیکە، پێشانی کورد دەدەن. ئەوانەی ئەوڕۆ، بۆ کەرکووک، باس لە ئامار و سەرژمێری و ئەو بابەتانە دەکەن، هەرچەندە مێزەری مەلایەتی و کڵاوی ئەمەریکاییان لە سەر ناوە، یا سەرکۆتن، هیچیان لەگەڵ سەددامییەکاندا جیاواز نییە و بگرە ئەگەر جاران سەددام، یەک دانە بوو و ڕوون و ئاشکرا و خویا بوو، ئەوڕۆ هەموو هەر سەددامن، لێ لە کەوڵی ماریتر و مەلا و سەیید و سەرۆکهۆز و دەدە و دایی و میخا و حەنناداا. سەرانی کورد و تاکەکانی کوردیش، کە لە سەر ئاوازی ڕەبابە و تەپڵ و چەقەنەکانی ئەوان، سەما دەکەن، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەواندا نییە و کارەکانیان هەر دەڕژێتە ئاوەڕۆ و ئەستێڵی ئەوانەوە. من یەک جاری دیکەیش دووپاتی دەکەمەوە و حەزیش دەکەم سەرانی کورد بزانن، کە: کەرکووک، بە ئامار و بێ ئامار، بە عەرەبێنراوی و بە نەعەرەبێنراوی، بە زۆریی تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشووری، یا کەمیی ئەوان و بە نەمانی هەرچی کوردیشە تێیدا، بەشێکی جیانەکراوەیە لە کوردستان و هەروا بووە و هەروایش دەبێت. هەرچییەکیش بۆ کەرکووکی دەڵێم، پێموایە مووسڵ و خانەقین و مەندەلی و بەدرە و ئەو دەڤەرانەیش دەگرێتەوە. ئیمام خومەینی دەیگوت:"وبصدري من الأسى كربلاء"، واتە: "لە دڵمدا کەربەلایەک خەم هەیە، کەربەلایەک خەم لە دڵمدایە، کەربەلایەکم خەم لە دڵدایە، کەربەلایەک خەمم لە دڵدایە". منیش دەڵێم:" کەرکووکێکم خەم لە دڵدایە".

2004/1/27